# خوێندنەوەیەك بۆ رۆمانی
# پەناهەندەی ئەحمەدی مەلا

ئەردەڵان عەبدوڵڵا




زۆرجار بۆ خوێندنەوەی رۆمانێک دوو شت گرنگن، یەکەمیان ناوی رۆماننووسەکە، کە زۆرجار خەڵکێکی زۆر لەبەر کەسایەتیی نووسەرەکە، رۆمانەکە دەخوێننەوە، دووەمیان بابەتی رۆمانەکەیە، زۆرجار بابەتی رۆمانەکە دەبێتە جێگای سەرنجی خوێنەر، چونکە خۆی لەناو پاڵەوان و رووداوەکانی رۆمانەکەدا دەبینێت. وەلێ بەنسبەت منەوە، ئەمجارەیان هەردوو هۆکارەکە رۆلیان هەبوو، بۆ ئەوەی ئەم رۆمانە بخوێنمەوە. چەند ساڵێک لەمەوپێش ئەحمەدی مەلا، وتارێکی زۆر جوانی لە سایتی دەنگەکان، لەسەر سەدەی هەشتەمی فەرەنسا نووسیبوو. بەراستی زۆر کاری تێکردم، پاشتریش چەند وتارێکی تریم لە رۆژنامەی ئاسۆ خوێندەوە، جێگای سەرنج و خۆشحاڵیم بوو. کاتێک سەردانی (کتێبخانەی مەڵبەندی کولتووری کوردی لە شاری مانهایم) کرد، ئەم رۆمانەی ئەحمەدی مەلام بەرچاوکەوت. یەکسەر بڕیارم دا کە بیخوێنمەوە.

دیارە گرنگیی ئەم رۆمانە لەوەدایە، باسی ئەو جیهانە دەکات، کە ئاوارەی کورد لە ئەورووپا تێیدا دەژین. بەداخەوە هەتاوەکو ئێستاش، ئەدەبی کوردی زۆر هەژارانە مامەڵەی

لەگەڵ ئەو جیهانەدا کردووە. کاک ئەحمەد زۆر بە جوانی وەسفی ئەو جیهانەی کردووە، کە کوردە ئاوارەکان تێیدا دەژین. کێشەو حەزو ئارەزووەکانیانی دەرخستووە. لەهەمانکاتدا باسی قۆناغی کۆچی کوردی بۆ ئەوروپا کردووە، چەند جارێکیش بەشێوەیەکی زۆر جوان، هانای بۆ ساتیر بردووە.

(خاریج دەرەوەی وڵات نەبوو، بەڵکە پیشەیەک بوو، تەعبیری تەواوی لە شێوە ژیانێک دەکرد، کە کەس لەتوانای نەبوو وەسفی بکات..ل74)... (خاریج هێندە بەتام لەفزدەکرا، بەهەشت بەرامبەری بێ قیمەت خۆی دەبینی..ل74).. (خولە دەبوو بە جوامێر، کامەران دەبوو بە سابیر، پەیمان دەبوو بە کەژاڵ.... ئامۆزا دەبوو بەخوارزاو، دایک دەبوو بە دەستگیران، کچ دەبوو بە کوڕ، ژن دەبوو بە نێرەمووک..ل90). نووسەر زۆرجار بەشێوەیەکی رەخنەگرانەش بۆ کوردەکانی ئەوروپا دەڕوانێت، رەخنە لە شێوازی ژیانیان دەگرێت.. (چاکترین رەخنەگریان هەزارویەک عیللەتی بۆخۆی دەدۆزیەوە، تا کەمترین مووچەی بەدبەختی وەربگرێت..ل91)... (باشترین رۆماننووسیان دوای دەساڵیش هەر لە کۆرسی زمانن و ئەم زمانە نەعلەتییانە فێرنابن و نابن. ناچار خوو دەدەنە فارسی..ل91).. خۆی لەخۆیدا رۆماننووس تەنها کاری گێڕانەوەی مێژوو نییە، بەڵکە دەبێت بەشێوەیەکی رەخنەگرانەش بۆ ئەو جیهانە بڕوانێت کە باسی دەکات.

شتێکی تر کە جێگای سەرەنجە، کاک ئەحمەد بۆ یەکەمینجار لە ئەدەبی کوردیدا، بەم رۆمانەی کلیلی دەرگایەکی داخراو و تابوومان بۆ دەکاتەوەو باسی خۆشەویستیی (کوڕ و کوڕ، هۆمۆسێکسوێلی، هاورەگەزی) دوو کەس دەکات، کە پێشتر ئەم باسانە لەناو ئەدەبی کوردیدا نەبووە. هەرچەندە کۆمەڵگای کوردیش، وەکوو هەموو کۆمەڵگایەکی تری ئەم جیهانە، هەزاران چیرۆکی خۆشەویستیی هۆمۆسێکسوێلی تێدایە. بەراستی خۆی لەخۆیدا ئەمە دەستپێشخەرییەکی باشە. ئەمەی کاک ئەحمەد باسی خۆشەویستیی دوو کوڕ دەکات، کە یەکێکیان خیانەتی لێدەکات (چونکە لەگەڵ کچێکدا نووستوە)، لەبەر ئەوە دەیکوژێت. ئەم چیرۆکانە لەناو ئەدەبی کوردیدا نەبووە.

مەسەلەیەکی گرنگی تر کە لەم رۆمانەدا باس دەکرێت، پەیوەندیی رۆژهەڵات و رۆژئاوایە. بەراستی کاک ئەحمەد زۆر بەجوانی وەسفی ئەو پەیوەندییە سەیر و ئاڵۆزەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا، من وەکو خوێنەرێکی ئەم رۆمانە، چەند سەرنجێکی گشتیم هەبوو، کە هەوڵدەدەم بە کورتی بیخەمە ڕوو.

*وابزانم ئەمە یەکەمین رۆمانی کاک ئەحمەدە، یان پێدەچێت من رۆمانی تریم نەدیبێت. بەهەرحاڵ، رۆمان پێویستە تەنها یەک ناوی هەبێت. کەچی ئەم رۆمانە دوو ناوی هەیە. لەسەر بەرگی کتێبەکە (پەناهەندە) نووسراوە، کەچی لە لاپەرەی ناوەوە، نووسراوە (شەپێتۆ یان دەوارەکەی بروکسل). دەبوایە نووسەر خۆی لەسەر یەک ناو ساغبکردایەتەوە.

*یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی رۆمان، چۆنێتیی داڕشتن و باسکردنی پاڵەوان و رووداوەکانە، بەداخەوە ئەم رۆمانە زۆر بە ناڕێکوپێکی، رووداو، کەسایەتی، چیرۆکەکانی داڕشتووە. نووسەر کۆمەڵێک چیرۆکی چەند

کەسێک دەگێڕێتەوە، کە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندییان بەیەکەوە نییە. دەبێت بەشێوەیەکی ئەدەبی هەوڵبدرێت، لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆک و رووادوەکان، شێوە زنجیرێک بەیەکەوە بیانبەستێتەوە، بەڵام من ئەو زنجیرە لەم رۆمانەدا نابینم، هەر ئەمەش وایکردووە، کە ئەم رۆمانە ماگنێتی نەبێت. لەو شتانەی کە ژانری رۆمان لە ژانرە ئەدەبییەکانی تر جیایدەکاتەوە، مەسەلەی ماگنێتی (موگناتیز)ی رۆمانە. بەراستی دەبێت رۆمان لە چەند لاپەرەی یەکەمەوە، وەکو موگناتیز خوێنەر بۆ ناو رۆمانەکە رابکێشیت، بەڵام بەداخەوە ئەم رۆمانە زۆر کەم ماگنێتی هەیە.

*زمانی شیعری بۆ رۆمان گرنگە، وەلێ نابێت زیادەڕۆییشی تێدابکرێت، بەداخەوە لەم رۆمانەدا زمانی پەخشان و شیعر زۆر زاڵە، ئەمەش جێگای دیالۆگی کەمکردۆتەوە. لەم رۆمانەدا زۆرکەم دیالۆگ دەبینم.

*بەشێکی زۆری رۆمانی جەنگ و ئاشتی تۆلستۆی، دیالۆگەکانی بە زمانی فەرەنسی نووسراون، بۆ یەکەمجار کە رۆمانەکەم بینی، باوەڕم نەدەکرد هێندە دیالۆگی فەرەنسیی تێدابێت، لەکاتی وەرگێڕانیشی بۆ زمانی ئەڵمانی، ئەم دیالۆگە فەرەنسییانەش، هەمووی وەکو خۆی نووسراونەتەوە. وەلێ تۆڵستۆی بە پێچەوانەی کاک ئەحمەدەوە، هەمووی بە ئەلفوبێی فەرەنسی نووسیوەتەوە. کەچی کاک ئەحمەد زۆر دیالۆگی فەرەنسیی بە کوردی نووسیوە، کە زۆرجار کەوتۆتە هەڵەی گەورەوە. بەراستی باشتر بوو هەر بە کوردی قسەی بکردایە، تا ئەو فەرەنسییە (سەیری لاپەرەکانی 31،35 بکە). سەیر لەوەیە کاک ئەحمەد پاش ئەو هەموو ساڵە لە فەرەنسا، هێشتا بە Une ئیوین، دەڵێت ئون!!. مێرسی، میسریە. فەرەنسییەکەی Merci مێخسی. کخواسانە نەک کراواسان، پاشان کخواسان سەموون نییە، بەڵکە کولیچەیەکی بەیانیانە، پاشان ئەم کولیچەیە لەگەڵ داگیرکردنی نەمسا لەلایەن توورکە وەحشییەکانەوە پەیدابووە، نەک پاش رزگارکردنی نەمسا. دۆمینیک ناوی پیاوە، کەچی کاک ئەحمەد بۆ کچ بەکاریهێناوە..ل4.

جگە لە زمانی فەرەنسی چەند زمانێکی تریشی **کورداندووە!!**، لەوانە ئەڵمانی و عەرەبی. لە لاپەرە 113دا کۆمەڵێک وشەی ئەڵمانیی ریزکردووە، بەراستی هیچ مانایەکیان نییە، بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر ئەو وشە عەرەبییانەیە، کە بەراستی خوێنەر زۆر هیلاک دەبێت، تا لە مانا بنەرەتییەکانیان تێدەگات، چونکە گەر وشەکەی بە عەرەبی بنووسیایە، زۆر باشتر تێدەگەیشتین، لەوانە (تەسویر ل8، ریحلەتولشیتای وەسسیەفی، ئەرزولخەراب ل66، ئەلجینسولاخەر ل58، مومەسیل ل56، لەحمولعەجین....)، بەڵام ئەو وشەیەی کە هەتا کۆتایی رۆمانەکە ئازاریدام، وشەی (تەقەمووس) بوو. بەراستی هەر زۆر وشەیەکی رەق و تەق و نائەدەبی بوو.

من حەزناکەم خۆم بکەمە پۆلیسی زمان، وەلێ چەند وشەیەکی زۆر نەشازی کوردیم لەم رۆمانەدا بینی، کە زۆر ئازاریاندام (پاسدارخانە، شیخەئەلا، واتە شێخ ئەلا، کەشیشە، واتە قەشە، دەنگێکی کەرخە، دەنگێکی کرخن راستە، تەخوا، تۆاخوا، راستیەکەی توخوایە) بەڵام ئەو وشەیەی کە بۆتە گرێکوێرەو بە هیچ شتێک راست ناکرێتەوە وشەی سوارحییە!. کاک

ئەحمەد هەتا کۆتایی ڕۆمانەکە، بە سوراحی دەڵێت سولاحی!!.

*خاڵێکی تر کە جێگای سەرنجم بوو، پاڵەوانەکان هەموویان کۆمەڵێک ڕۆشنبیرو نووسەر و شانۆکاری هەولێرن، کەچی زمانی دیالۆگەکان زۆر بازاڕی و ناشرینە. (هەی خۆری، هەی قۆندەرە..ل108، هەی کافر، هەی زاڵم..ل139، هەی قورم ساغ..ل141). ئەمە زیاتر لە زمانی چەقۆکێشەکانی گەرەکی (تەعجیل و تەیراوا) دەچێت، نەک لە زمانی ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر.

*لە هەموو خەونەکانی حوسێن، تەنها لە خەونی سێهەم جوان تێگەیشتم، خەونەکانی تری زۆر تێکەڵاو و ئاڵۆزە.

*دەربارەی چیرۆکی شانۆگەریەکەش، لە ل132دا دەڵێت، باسی چیرۆکی داگیرکردنی شاری فییەنا دەکات، کەچی لە ل160دا دەڵێت شانۆگەریەکەمان باسی (داستانی خەج و سیامەند) دەکات، واتە لێرەدا دوو شانۆگەری کراوە، بەڵام خۆی هێشتا هیچ شانۆگەری نەکراوە. بە بڕوای من ئەمە یەکێکە لە هەڵەکانی نووسەر خۆی.

*لەسەرەتادا هیچ ئاماژەیەک بە خۆشەویستیی نێوان ڕەمزی و مەسیفی نادات، کە دەبوایە پێشتر کەمێک باسی ئەو چیرۆکی خۆشەویستییەی بکردایە، چونکە خوێنەر لە کۆتایی ڕۆمانەکە تووشی شۆکێکی هونەری دەبێت.

*هەروەک لە سەرەتادا دەڵێت: (شەپیتۆ، مانای دەوار یان چادرێکی گەورە دەگەیەنێت)، کەچی لەپاشاندا باسی هۆڵ و قات و 96 ژوورمان بۆ دەکات. لەناو دەواردا چۆن ژوور و موتبەخ هەیە؟!. بەگشتی شەپیتۆ بۆ سێرک بەکاردێت، ژوورەکانیش لە کابینەی حازریدان لە دەرەوەی دەوارەکە دادەنرێت.

بەگشتی من زۆر خۆشحاڵبووم بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، جارێکی تریش دەستخۆشی لە کاک ئەحمەدی مەلا دەکەم. هیوادارم کارەکانی تری لەم کارەی ئێستای جوانتر و مەزنتربێت. ئاواتەخوازم لە سەرنجەکانم دڵگران نەبێت، چونکە بەراستی ڕۆمانەکەی جێگای خۆشحاڵیم بوو، گەر وانەبوایە من نەمدەتوانی ئەم چەند دێرە بنووسم.

**سەرچاوە:**

ڕۆمانی پەناهەندە -ئەحمەدی مەلا- چاپخانەی ڕەنج-سلێمانی-2006.